| # | لە بەرژەوەندی سکاڵاکار (عێراق) | لەبەرژەوەندی سکاڵالەسەرکراوە( تورکیا) |
|---|---|---|
| ١ | ئەنجامەکانی بڕگەی ٣٠٣ی بڕیاری بەشەکیی بڕیاری ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٦ پشتڕاستدەکاتەوە. **بڕگەی ٣٠٣ بریتییە لە " وەک لە ڕێککەوتننامەی ڤیەنادا هاتووە و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی نەریتی دانپێدانراو، پەیماننامەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی پابەندبوون دروست دەکەن کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبرێن.**<br>**لە کاتێکدا یاسای نێودەوڵەتی بە شێوازی پێشوەختە default پەیماننامەکان دەگرێتەوە، دادگا قبوڵی دەکات کە دەوڵەتانی پەیماننامەیەک دەتوانن ڕێکبکەون کە یاسای ناوخۆیی پرسێکی تایبەت بەپێی پەیماننامەکە بەڕێوەببات. ئەمەش بە شێوەیەکی بەردەوام لە یاسای پەیماننامەی وەبەرهێناندا ڕوودەدات، بۆ نموونە کە یاسای ناوخۆیی بە شێوەیەکی ڕۆتینی لە کاتی دیاریکردنی ڕەگەزنامەدا پەیڕەو دەکرێت.** | |
| ٢ | سکاڵا لێکراو لە ٢١ی ئایاری٢٠١٤ەوە بە بارکردنی نەوتی عێراق لە [بەندەری] جەیهان پێچەوانەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، مادەکانی ژمارە ٣ و ژمارە ٧ی پرۆتۆکۆڵی ١٩٧٦ و مادەی٢.٣ی هەمواری ٢٠١٠ی پێشێلکردوون. | |
| ٣ | سکاڵا لێکراو، بە ڕێگەگرتن لە گەیشتنی لێپرسراوانی عێراق بە نووسینگەی عێراق لە بەندەری جەیهان لە ماوەی نێوان کانوونی دووەم و ئاداری ٢٠١٤، مادەی ٤.٤ی هەمواری ٢٠١٠ی پێشێلکردووە. | |
| ٤ | پێویستە، وەک ڕێککەوتنەکانی ITP داوا دەکەن، لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، سکاڵالێکراو هەموو ئەو نەوتەی لە کۆگاکانی بەندەری جەیهاندا هەڵگیراوە، بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق باربکات. | |
| ٥ | رایدەگەیێنێت کە پێویستە لەسەر سکاڵالێکراو دەستبەجێ قەرەبوو بە سکاڵاکار بدات بە بڕی 1,997,976,023.50$ (ملیارێک و 997 ملیۆن و 976 هەزار و 23 دۆلار و پەنجا سەنتی ئەمریکی) لە ئەنجامی ئەو پێشێلکردنانەی لە خاڵەکانی ژمارە ٢ و ٣دا هاتوون | |
| ٦ | | بانگەشەی سکاڵاکار بەوەی کە بڕگەی ٤.٢ی هەمواری ٢٠١٠ی پەیوەندیدار بە بەکارهێنانی تایبەتی بۆرییەکان پێشێلکراوە، ڕەتدەکاتەوە . |

دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی ICC لە ١٣/٢/٢٠٢٣ دا بڕیاری لەبەرژەوەندی عێراق دەرکرد، پوختەی بڕیارەکە لەم خشتەدایە:

| | لە بەرژەوەندی سکاڵاکار (عێراق) | لەبەرژەوەندی سکاڵالەسەرکراوە( تورکیا) |
|---|---|---|
| ٧ | رایدەگەیێنێت کە دۆخێکی لەتوانابەدەر لە نێوان ای ئاداری ٢٠٠٣ و ٣١ی تەمموزی ٢٠٠٧ لە کۆماری عێراقدا هەبووە، بەجۆرێک کە سکاڵاکار ڕەوایەتی ئەوەی هەبووە لە نێوان ئەو دوو کاتەدا، ئەرکەکانی خۆی تایبەت بە ئاستی هەرە نزمی گەرەنتیکراوی بەرهەمهێنان کە لە پاشبەندیی ١٩٨٥دا هاتوون، جێبەجێ نەکات. | |
| ٨ | | سکاڵا لێکراو لە لایەن سکاڵاکارەوە بڕی 67,607,024.62$ (67 ملیۆن و 607 هەزار و 24 دۆلار و 62 سەنتی ئەمریکی) پێ بدرێت وەک تێچووی ئاستی هەرە نزمی گەرەنتیکراوی بەرهەمهێنان لە نێوان ٢٧ی تەمموزی٢٠١١ و٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣، بەپێی مادەی ٣.٢ی هەمواری ٢٠١٠. ئەم بڕە پارەیە لەو پارەیە دەردەکرێت کە لە خاڵی ژمارە٥ وەک سزا خراوەتە سەر سکاڵالێکراو. |
| ٩ | | سکاڵا کار لە ماوەی نێوان 1ی ئابی 2007 و 26ی تەمموزی 2011، بڕگەی 2.7ی پاشبەندی ساڵی 1985ی پێشێلکردووە و پێویستە 281 ملیۆن و 337 هەزار و 301 دۆلار و 50 سەنتی ئەمریکی لەئەنجامی ئەو پێشێلکارییە بە سکاڵا لێکراو بدات. ئەم بڕە پارەیە لەو پارەیە دەردەکرێت کە لە خاڵی ژمارە ٥ وەک سزا خراوەتە سەر سکاڵا لێکراو. |
| ١٠ | | پێویستە سکاڵا کار 58 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بە سکاڵا لێکراو بدات پەیوەست بە هەقی نەدراوی گواستنەوە لە ساڵی 1990ەوە. ئەم بڕە پارەیە لەو پارەیە دەردەکرێت کە لە خاڵی ژمارە 5 وەک سزا خراوەتە سەر سکاڵالێکراو. |
| ١١ | | رایدەگەیێنێت کە پێویستە سکاڵا کار 70 ملیۆن و 676 هەزار و 675 دۆلار و 27سەنت پەیوەست بەو هەقی گواستنەوە کە لە ساڵی 1990ەوە بە بەشێکی نەدراوە، بە سکاڵا لێکراو بدات. ئەم بڕە پارەیە لەو پارەیە دەردەکرێت کە لە خاڵی ژمارە ٥ وەک سزا خراوەتە سەر سکاڵالێکراو. |

| | لە بەرژەوەندی سکاڵاکار (عێراق) | لەبەرژەوەندی سکاڵالەسەرکراوە( تورکیا) |
|---|---|---|
| ١٢ | | پێویستە سکاڵاکار 46 ملیۆن و 253 هەزار و 517 دۆلار و 75 سەنت پارەی نەدراوی گواستنەوەی ساڵانی نێوان 2003 و 2007 بە سکاڵالێکراو بدات. ئەم بڕە پارەیە لەو پارەیە دەردەکرێت کە لە خاڵی ژمارە 5 وەک سزا خراوەتە سەر سکاڵا لێکراو. |
| ١٣ | | پێویستە سکاڵا کار دوو ملیۆن و 71 هەزار و 739 دۆلاری ئەمریکی قەرەبووی ئەو خەرجیانە بداتە سکاڵا لێکراو کە بەهۆی کارمەندەکانی عێراقی لە بەندەری جەیهان کراون. ئەم بڕە پارەیە لەو پارەیە دەردەکرێت کە لە خاڵی ژمارە ٥ وەک سزا خراوەتە سەر سکاڵا لێکراو |
| ١٤ | | پێویستە سکاڵاکار 639 هەزار و 279 دۆلار و 31 سەنت تێچووی ئامێر و کەلوپەل بە سکاڵالێکراو بدات. ئەم بڕە پارەیە لەو پارەیە دەردەکرێت کە لە خاڵی ژمارە 5 وەک سزا خراوەتە سەر سکاڵالێکراو. |
| ١٥ | فەرمان دەکات سکاڵالێکراو دەستبەجێ بڕی ملیارێک و 471 ملیۆن و 390 هەزار و 486 دۆلار و 5 سەنتی ئەمریکی بە سکاڵاکار بدات، ئەوەش دوای دەرکردنی بڕە پارەکانی ژمارە ٨ تا ١٤ لەو بڕەی لە ژمارە ٥دا هاتووە. ئەم بڕە پارەیە بە گوێرەی سوود دەگۆڕێت. | |
| ١٦ | سکاڵالێکراو سوودی ئەو بڕە پارەیەی لە خاڵی ژمارە ٥دا هاتوو، سوودەکە بە گوێرەی ڕێژەی ساڵانەی ئەو بۆندە تورکیانەی بە دۆلاری ئەمریکی پشتیوانیکراون، بە سکاڵاکار بدات. ئەو سوودە لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی دوای لەسەرکەوتنی بڕە پارەکانەوە، دەخرێتەسەر بڕە پارەکە. سوودەکە ساڵ دوای ساڵ، تا دەگاتە کاتی دەرکردنی ئەم بڕیارە، دووهێندەدەکرێت. | |
| ١٧ | فەرماندەکات سکاڵالێکراو سوودی ئەو بڕە پارانەی لە خاڵەکانی ٩ و ١٣ دیاریکراون، بە سکاڵاکار بدات، سوودەکە بە گوێرەی ڕێژەی ساڵانەی ئەو بۆندە تورکیانەی بە دۆلاری ئەمریکی پشتیوانیکراون دەخرێتەسەری. ئەو سوودە لە 1ی کانوونی دووەمی ساڵی دوای لەسەرکەوتنی بڕە پارەکانەوە، دەخرێتەسەری. سوودەکە ساڵ دوای ساڵ، تا دەگاتە کاتی دەرکردنی ئەم بڕیارە، دووهێندەدەکرێت. | |
| | | |

| | لە بەرژەوەندی سکاڵاکار (عێراق) | لەبەرژەوەندی سکاڵالەسەرکراوە( تورکیا) |
|---|---|---|
| ١٨ | | سکاڵاکار سوودی ئەو بڕە پارانەی لە خاڵەکانی ژمارە ١٤ و ١٥ دیاریکراون، بە سکاڵالێکراو بدات، سوودەکە بە گوێرەی ڕێژەی ساڵانەی ئەو بۆندە تورکیانەی بە دۆلاری ئەمریکی پشتیوانیکراون دەخرێتەسەری. ئەو سوودە لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی دوای لەسەرکەوتنی بڕە پارەکانەوە، دەخرێتەسەر. سوودەکە ساڵ دوای ساڵ، تا دەگاتە کاتی دەرکردنی ئەم بڕیارە، دووهێندەدەکرێت. |
| ١٩ | سکاڵالێکراو سوودی ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە بە سکاڵاکاری بدات، پێی بدات، ئەوەش دوای ئەوەی کە هەموو ئەو پارەیەی پێویستە سکاڵاکار بە سکاڵالێکراو بدات یەکلاکراوەتەوە. سوودەکە بە گوێرەی ڕێژەی ساڵانەی ئەو بۆندە تورکیانەی بە دۆلاری ئەمریکی پشتیوانیکراون دەخرێتەسەری. سوودەکە ساڵ دوای ساڵ، تا دەگاتە کاتی دەرکردنی ئەم بڕیارە، دووهێندەدەکرێت تاوەکو ئەو کاتەی هەموو پارەکە دەدرێت. | |

| | |
|---|---|
| ٢٠ | فەرماندەکات هەر لایەنێک بە یەکسانی شان بداتە بەر تێچووەکانی ناوبژیوانییەکە کە لە لایەن دادگەی ژووری بازرگانیی جیهانییەوە بە ملیۆنێک و ٨١٠ هەزار دۆلار دیاریکراوە و هەر لایەنێک پێویستە تێچوو و خەرجییە یاساییەکانی خۆی لە ئەستۆبگرێت. |
| ٢١ | هەموو داواکارییەکانی دیکەی پێچەوانەی ئەم خاڵانە کە لە لایەن هەردوو لاوە پێشکێشکرابن، ڕەتدەکاتەوە. |
| ٢٢ | هەموو داواکانی دیکەی لەم نێوبژیوانییەدا کراون ڕەتدەکاتەوە. |

- کۆی ئەوپارەی کە قەرەبووی عێراق بکرێتەوە (خاڵی ٥) پێش لێدەرکردنی وەرەبووی تورکیا بریتییە لە : **1,997,976,023.50** دۆلار
- کۆی قەرەبووی تورکیا (دەرکردنی بڕە پارەکانی ژمارە ٨ تا ١٤ لەو بڕەی لە ژمارە ٥دا هاتووە. ئەم بڕە پارەیە بە گوێرەی سوود دەگۆڕێت.ئێستادا بریتییە لە **526,585,537.45 دۆلار.**
- ئەوەی پێویشتە تورکیا ئێستا بیدات بەعێراق پاش لێدەرکردنی قەرەببەکانی بریتییە لە:

**١ ملیار و ٤٧١ ملیۆن و ٣٩٠ هەزر و ٤٨٦ دۆلار و ٥سەنت.**